www.hetaw.net
ژمارە (٨٦١) چوارشەممە ٣٠ ی حوزەیرانی ٢٠١٠ ی زایینی
هەموو چوار شەممەیەك
تاڵی ئازادی

**داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەکی تورکیاو ئەوانەی بەچنگو بەکەڵبە لەشەڕی ئەوەدان کورسییەک بۆ تورکیا لەئەنجومەنی ئاسایشدا بپچڕن، پێشوەخت دەیانزانی دەکەونە بەردەم تاقیکردنەوەکەی ئێران، دەشیانزانی کە ڕەنگە بکەونە تەنگژەوەو ئەو کاتە دەبێت هەر بەلایەکدا خۆیان یەکلایی بکەنەوە. چونکەی گەمەی هێشتنەوەی پەیوەندیی باش لەگەڵ هەموو لایەکدا چیدی جێگەی نابێتەوە**

Telegraph LOMOND washingtonpost.com guardian.co.uk

# گێڕانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو ئیسرائیل بۆ حاڵەتی واقیعبینانە

**ئەنتۆنی کوردسمان***
**سایتی سەنتەر فۆر ستراتیژیک ئەند ئینتەرناشناڵ ستادیز**

پەیوەندییەکانی ئەمریکا بەئیسرائیلەوە بەپلەی یەکەم لەسەر بناغەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دانەمەزراون. خۆ لەباشترین حاڵەتیشدا، حکومەتێکی ئیسرائیل کە بچێتە ناو پرۆسەی ئاشتییەوە، دەتوانێت هەندێک زانیاریی هەواڵگریی بگوازێتەوەو چەند هەنگاوێکی لاوەکیش بنێت لەبواری تەکنۆلۆژیای سەربازیداو بۆی هەیە ڕۆڵێکیش بگێڕێت لەسەقامگیرکردنی ئارامییەکی سەربازی کە ئەمیش لای خۆیەوە ببێتە یارمەتیدەرێک بۆ هەندێک لەوڵاتە عەرەبییەکان. هەر لەو چوارچێوەیەدا، هەر کردەیەکی سەربازیی ئیسرائیلی دژی هەر دەوڵەتێکی عەرەبی، دوو ئاکامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە، یەکەمیان لاسەنگکردنی بارودۆخەکانو دووەمیش کاریگەرییەکی پۆزەتیف دەبێت. لەراستیشدا، هۆکارەکانی پشتگیریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەئیسرائیل یەکەم ئەخلاقینو دووەمیش مەعنەوین.

ئەو هۆکارانە دەنگوسەدای کارەساتەکانی هۆلۆکۆستنو وەڵامێکن بۆ مێژووی دژایەتیکردنی ڕۆژاوا بۆ سامیزمو وەڵامێکیشن بۆ ئەوەی کە ئەمریکا لەسەردەمانی دووەمین جەنگی جیهانیدا نەیتوانیوە هاوکاریی جوولەکەکانی ئەڵمانیاو ئەوروپا بکات. هەروەک بەرهەمی دیموکراسییەتی ئیسرائیلو هاوبەشیکردنی ئیسرائیلە لەزۆربەی ئەو بەهایانەدا کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕوای پێیانە. هەر بەوپێیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا واز لەوابەستەییەکانی خۆی بەرامبەر بەئیسرائیل ناهێنێت. لەو کاتەوە کە ئیدی دانی بەدەوڵەتی ئیسرائیلدا ناوە چەندین جار ئەو هەڵوێستەی دووبارە بووەتەوەو لەساڵی ١٩٦٧یشەوە هێندەی دیکە وابەستەییەکانی بەرفراوانترو مەزنتر بوون. ئەوەتا چەندین هاوکاریی ئابووریی قەبەی پێشکەش بەئیسرائیل کردووەو تا ئێستاش هاوکاریی سەربازیی دەکاتو باڵادەستیی ئەو دەوڵەتە لەبەرامبەر دراوسێکانیدا زامندەکات. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەبێ شاردنەوەو پێچو پەناش ئەوەی وتووەو کە مەرجی پشتیوانیکردنی لەهەوڵەکانی بەرقەرارکردنی ئاشتی لەنێوان ئیسرائیلو دەوڵەتانی عەرەبیدا، بریتییە لەوەرگرتنی گرەنتی ئاسایشی ئیسرائیل. ڕاگەیاندنەکەی ئەمدواییەی وڵاتە یەکگرتووەکانیش کە سەرقاڵی تاوتوێکردنی سیستمێکی (بەرپێگرتنی ناوچەیی کارا)یە، کلێشەیەکی پێشوەختانەی ئەمریکایە بۆ سیستمێکی بەرگری کە لەرێگەیەوە بتوانێت داکۆکی لەئیسرائیلو دراوسێکانی بکات لەبەردەم هەر هەڕەشەیەکی ئەتۆمیی ئێرانیدا.

ئەو هێزی وابەستەییە مەعنەوییەی ئەمریکا لەهەمان کاتدا نابێتە پاساو بۆ هەندێک لەکارو ڕەفتارەکانی تەل ئەبیب کە ئیسرائیل دەکاتە هەڕەشەیەکی ستراتیژی، چونکە وابەستەییەکەی ئەمریکا مانای ئەوە نییە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچاربێت هەمیشە پشتیوانی ئیسرائیل بکات تەنانەت ئەگەر ئەمیان ڕاستگۆیانە هەوڵی ئاشتی نەدات لەگەڵ دراوسێکانیدا. هەروەک مانای ئەوە نییە کە بەرژەوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوەدایە قایل بێت بەدامەزراندنی ئۆردوگا نیشتەجێکانی ئیسرائیل لەکەناری خۆرئاوا، یان بەگرتنەبەری هەڵوێستێکی دەمارگیرانە دەرهەق بەدۆسێی قودس کە ئەو شارە بەزۆر بکات بەشارێکی جوولەکە نەک بەشارێکی تێکەڵاو. هەروەک ئەو وابەستەییەی ئەمریکا مانای ئەوە نییە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستە لەو کاتانەدا بێدەنگ بێت کە ئیسرائیل زنجیرەیەک هەڵەی ستراتیژی گەورە ئەنجامدەدات وەک پێداگیری لەسەر بۆردومانی ستراتیژی لوبنان لەکاتی هەر ململانێیەک لەنێوان خۆیو حیزبوڵلادا، یان دووبارەکردنەوەی پەلاماردانی کەرتی غەززە دوای ئەوەی کە سوپای ئیسرائیل مەبەستە بنەڕەتییەکانی خۆی پێکا، یان شەرمەزارکردنی سەرۆکی ئەمریکا بەهۆی ڕاگەیاندنی فراوانترکردنی پرۆسەکانی بیناکردن لەقودسدا لەو کاتانەدا کە هەوڵەکانی ئەمریکا لەپێناوی زیندووکردنەوەی دانوستانەکانی ئاشتیی نێوان ئیسرائیلو عەرەب بەقەیرانێکی ڕواڵەتیدا تێدەپەڕن، یان دابەزاندنی هێزە کۆماندۆزە تایبەتەکان بۆ ڕێگەگرتن لەکەشتییەکی تورکی، لەکردەیەکدا کە ئامادەکارییەکی زۆر خراپی بۆ کرابوو، ڕێگەگرتنیش لەگەیشتنی کەشتیگەلی ئاشتی بۆ کەرتی غەززە.

هەروەک لەڕوویەکی دیکەشەوە ئەو وابەستەییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بەئیسرائیل نابێتەهۆی ئەوەی پەنا بباتەبەر لاوازترین ڕێوشوێنێک مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل. بەڵام پێویستە ئیسرائیلیش وابەستەی تەحەففوزێک بێت کە ئەو تەحەففوزە ڕەنگدانەوەی بەرجەستەکردنی بەرژەوەندیی ستراتیژیی ئەمریکایە لەدنیایەکی ئاڵۆزو پڕلەپێویستیدا، پێویستیشە حکومەتی ئیسرائیلی ئەو ڕاستییە بزانێت کە سروشتی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەتا داهاتوویەکی دووریش بەستراوەتەوە بەوە کە تاچەندە ئیسرائیل هەوڵی بێوچانو چالاکانە دەدات لەپێناوی هێنانەدیی ئاشتی لەگەڵ فەلەستینییەکاندا. ئەو ئاشتییە لەراستیدا بەرژەوەندییەکی ستراتیژیی ئیسرائیلیشە. پێویستیشە ئیسرائیلییەکان لەوە تێبگەن کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا قایل نابێت ئیسرائیل ئۆردوگا نیشتەجێیەکانی بپارێزێتو فراوانتریان بکات، هەروەها قایل نابێت فەلەستینییەکان لەشاری قودس دەربکرێن.

پێویستیشە هەموو حکومەتەکانی ئیسرائیل پەرۆشی سنووردارکردنی ئەو کردە سەربازییانە بن کە ئەنجامیان دەدەنو وەهابکەن ئەو کردانە تەنها بەپێی پێویستی بن، هەروەک پێویستە حساب بۆ ئەو مەسەلە مرۆییانە بکەن کە لەئەنجامی کردەکانیان دەکەونەوەو بەدواداچوونیان هەبێت بۆیان دوای تەواوبوونی جەنگەکان هەموو ئەو مەسەلانە بخەنە چوارچێوەی پلانێکی کارکردنەوە کە دەرهاویشتە سیاسیو ستراتیژییەکانیان کەمبکاتەوە.

هەروەها پێویستە ئیسرائیل هێرشی زۆر مەترسیدار بۆ سەر ئێران ئەنجام نەداتو وابەستەی ئەو گڵۆپە سوورە ڕاشکاوە بێت کە هەردوو ئیدارەی بوشو ئۆباما بۆیان هەڵکردووە، پێویستیشە خۆی لەوە گێل نەکات کە هەموو ڕەفتارو دەستپێشخەرییەکانی کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لەهەردوو جیهانی عەرەبیو ئیسلامیدا، دەبێت ئەو بەرژەوەندییانەش بپارێزێت وەک چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل دەپارێزێت. هەروەها پێویستە حکومەتی ئێستای ئیسرائیل بەشێوەیەکی تایبەتی لەوە تێبگات کە کاتی گەڕانەوە هاتووە بۆ ئەو واقیعبینییە ستراتیژییەی کە ڕێبازی ئیسحاق ڕابین بوو لەکاتی خۆیداو ناشکرێت سەرزەنشتی سوپای ئیسرائیل بکرێت بەهۆی ئەو کردەیەوە کە لەقووڵایی دەریای غەززەدا ئەنجامیدا، چونکە سەرۆک وەزیرانیشو وەزیری بەرگریش بەباشی دەیانزانی مەسەلەکە چییەو دەیانزانی ئەو کەشتیگەلە بەتایبەتی بۆ ئەوەی دیزاین کراوە بەدەستی ئەنقەست ئیستیفزازی سیاسی ئیسرائیل بکات بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی دەزگا نێودەوڵەتییەکانی ڕاگەیاندن بەخراپترین شێوە، بۆیە ئەو دوانە بەرپرسیارن لەوەی کردوویانەو پێویستە دواتر بیسەلمێنن کە مەزەندەو ڕێوشوێنەکانیان لەجێی خۆیدا بووە.

---

* بەڕێوەبەری بەشی ستراتیژ لە (سەنتەر فۆر ستراتیژیک ئەند ئینتەرناشناڵ ستادیز) لەواشنتۆن.

# تورکیا چۆن وتی (نا)

**قەدری گورسیل**
**میللییەت**

مانگێک پێش دەنگدان لەسەر بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەمەڕ سەپاندنی سزای نوێ بەسەر ئێراندا، ئەگەری ئەوە لەئارادا نەبوو تورکیا بە (نەرێ) دەنگبدات لەسەر بڕیارەکە. خۆ دەنگدانیش بە (ئەرێ) ماوەیەکی زۆر بوو لەئەگەردا نەمابوو. تورکەکان بڕوای تەواویان هەبوو بەوەی کە تورکیا دەنگ دەداتو، پێویستیشە بێلایەنانە دەنگ بدات، یان لەبنەڕەتەوە دەبێت دەنگ نەدات. ڕەنگە هەندێک کەسیش ئێستا بڵێن هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان بێلایەنیو دەنگنەداندا، چونکە هەردووکیان دواجار یەک ئاکامیان هەیە، ئەویش دروستبوونی درزێکی گەورەیە لەپەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو هاوپەیمانەکانی ڕۆژاوادا، لەلاسەرووی هەمووشیانەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام ئەوەی هەندێک کەس نایزانن ئەوەیە کە دەنگدان بە (نەرێ) تورکیای خستە وێنەیەکەوە وەک ئەوەی لەڕوانگەیەکی ئایدیۆلۆژییەوە پشتیوانی لەئێران بکات، یان وەک ئەوەی پشتگیریی سیاسەتو پلانەکانی ئێران بکات. ئەمەش ئاکامی نێگەتیڤو جیددی لێدەکەوێتەوە بەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ڕۆژاوا بەسەر زۆرێک لەنەخشەو پلانەکانی تورکیاوە، بەڵکو بەسەر پەیوەندییەکانی خودی پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتدارەوە لەگەڵ ئەو ڕۆژاوایەی کە چەند بەچەند پشتیوانی لەدەسەڵاتەکەی کردو لەگەڵی وەستا.

لەراستیشدا، داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەکی تورکیاو ئەوانەی بەچنگو بەکەڵبە لەشەڕی ئەوەدان کورسییەک بۆ تورکیا لەئەنجومەنی ئاسایشدا بپچڕن، پێشوەخت دەیانزانی دەکەونە بەردەم تاقیکردنەوەکەی ئێران، دەشیانزانی کە ڕەنگە بکەونە تەنگژەوەو ئەو کاتە دەبێت هەر بەلایەکدا خۆیان یەکلایی بکەنەوە. چونکەی گەمەی هێشتنەوەی پەیوەندیی باش لەگەڵ هەموو لایەکدا چیدی جێگەی نابێتەوە. دەنگدانیش بە (ئەرێ) بۆ بڕیاری سزاکان مانای هەرەسهێنانی تیئۆری (سفرکردنەوەی گرفتەکان لەگەڵ دراوسێکاندا)، هەروەک دەنگدانیش بە (نەرێ) یان بەبێلایەنانە، مانای وازهێنانی تورکیایە لەدژە ڕۆژاواییەکەیو هاوپەیمانییەکەی لەگەڵیدا. ڕەنگیشە ئەحمەد داود ئۆغڵوی وەزیری دەرەوەی تورکیا هەر لەو ڕوانگەیەوە گەیشتبێت بەو حاڵەتەی ناوی نا هەڵوێستی ئەخلاقییانەی پێویست بۆ تورکیا بەدەنگدانی (نەرێ) بۆ بڕیارەکە، ئەوەش وەک گونجاندنێکی هەڵوێستەکە لەگەڵ ڕێککەوتننامەی ئاڵوگۆڕکردنی یۆرانیۆم کە داود ئۆغڵو جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئێران لەدواچرکەدا پێی قایلبووەو بەناچاریش، دوای پێداگیریی زۆرو هەڵمەتە دیپلۆماتیکە چڕوپڕەکەی تورکیا. ڕەنگیشە ئەو خەڵکە بڕوا بەوە نەهێنن کە هەوڵو تەقەللای دیپلۆماتیکانە ئێرانی قایلکردووە. ڕەنگیشە ئێران ئەوەی خستبێتە مێشکمانەوە کە گوایا قایلبووە، لەکاتێکدا ڕاستییەکەی ئەوە بێت کە بیەوێت قاچمان بەکێشبکات بەرەو ناو تەڵەکە. لەکاتێکیشدا کە ئەنجومەنی ئاسایش دەستیکردبوو بەتاوتوێکردنی پرۆژەی بڕیاری سزاکان، ئەو دەستپێکردنە سەرەتای مردنی ڕێککەوتننامەی ئاڵوگۆڕکردنەکە بوو. چیدیش شتێک نییە ناوی وابەستەیی ئەخلاقی بێت بەرامبەر بەڕێککەوتننامەیەکی مردوو. ئێستا ئیدی یەک پرسیاری گرنگ دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە: بۆچی سەرۆک ئۆباما سێ هەفتە پێش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئاڵوگۆڕەکە، بەڵێننامەیەکی نوسراوی پێشکەشکرد بەقایلبوون بەڕێککەوتننامەی ئاڵوگۆڕکردنی تەنها ١٢٠٠ کیلۆ یۆرانیۆم، نەک هەموو بڕە یۆرانیۆمەکە، واتە بەکلێشەیەک قایلبوو کە متمانەی ڕۆژاوا بەئێران بەهێزنەکات؟ ئایا ئەو حاڵەتە دەرەنجامی سەرلێشێوانی ئەمریکا بوو یان ئاکامی خراپی هەماهەنگی؟ تا ئێستاش واشنتۆن خۆی ناخاتە ژێر باری ئەوەی ئەو هەڵوێستە سەیرەی شرۆڤە بکات.

ڕەنگیشە شرۆڤەکەی داود ئۆغڵو بۆ هەڵوێستەکەی ئەمریکا پێش سەپاندنی سزاکان، لەخودی هەڵوێستەکە سەیرتر بێت. ئۆغڵو دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وتی گوایا واشنتۆن پێشبینیی ئەوە دەکات تاران ڕێککەوتننامەکەی ئاڵوگۆڕکردنی یۆرانیۆمەکە ڕەتبکاتەوەو بەدەستی خۆی دەرگای سزاکان بخاتە سەرپشت. دواجاریش قایلبوونەکەی تاران تووشی شۆکی کرد. ئێستا ئیدی تورکیاو ئێران وەها دێنە بەرچاو وەک لەڕیزی یەکتریدا وەستابن، بەهەردووکیشیان لەهەوڵی ئەوەدابن پرەنسیپەکانی گەمەکەی ئەمریکا بشکێنن. لەراستیشدا ئەو هەڵوێستە ئەخلاقییەی کە داود ئۆغڵو باسی دەکات ڕەنگە بریتی بێت لەپشتیوانیکردنی تاران کە لەگەڵ تورکیادا هەماهەنگ بوو، هەروەها بریتی بێت لەسزادانی واشنتۆن لەسەر ئەوەی کە سووکایەتی بەتواناکانی کردووە.

ئەو زنجیرە هەڵانەو خراپی هەماهەنگی، وەهایان لەتورکیا کرد لەوێنەیەکدا دەربکەوێت وەک ئەوەی هاوپەیمانی ئێران بێتو بەرگریی لێبکات، ڕەنگیشە ئیدارەی ئەمریکا بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت ئەو سەرقاڵپە ئەخلاقییە بۆ حکومەتەکەی پارتی دادو گەشەپێدان فەراهەم بکاتو بواری ئەوەی بۆ بڕەخسێنێت کە بەبێ هیچ هەستکردنێک بەشەرمەزاری ئەژندا ئیسلامییە ڕۆژهەڵاتییەکەی خۆی ڕابگەیەنێت.

# کاریگەریی سزاکانی سەر ئێران.. خراپە

**ەروتاری ئافەرینش**

لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا دابونەریت هەردەم وەها بووە کە سزا وەک ئامرازێکی تەمبێکردن (لەسەر هەق بێت یان بەناهەق) بەکاربهێنرێت بۆ کاریگەری خستنەسەر ئەو دەوڵەتەی کە ئەو جۆرە سزایانەی بەسەردا دەسەپێندرێت. سەرکەوتنو سەرنەکەوتنی ئەو سزایانەش لەگەیشتن بەئامانجەکانیان بەستراوەتەوە بەکۆمەڵێک فاکتەرەوە. وێڕای ئەوەش کە ئێران نزیکەی سی ساڵە لەژێر گوشاری کۆمەڵێک سزای ئابووریو سیاسیدایە، بەڵام ئەم سزا نوێیانەی بەمدواییە بەسەریدا سەپێندراون پێداچوونەوەی ڕێوشوێنەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیو هەروەها ئەو ڕێوشوێنانەش کە یەکێتیی ئەوروپاو ئوسترالیا بەنیازن بەرامبەر بەوڵاتەکەمان بیانگرنەبەر، دەکاتە کارێکی پێویست. هەندێک بەرپرسو پسپۆری ئێرانی لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا بۆچوونیان وەهابوو کە ئەو سزایانە هیچ کەڵکێکیان نییە، بگرە ڕۆڵیان هەبووە لەهاندانی ئێران بۆ پشت بەخۆبەستنو بنیاتنانی نیشتمانەکەیان، دەرفەتی زانستیو ئابووریشیان ڕەخساندووە بۆ ئێران بۆ ئەوەی لەزۆر بواردا پشتی تەواو بەخۆی ببەستێت.

لەبەرامبەریشدا هەندێکی دیکە لەسیاسەتمەدارو ئابووریناسی ئێرانی پێیانوابووە کە سزاکان زیان بەئابووریی ئێران دەگەیەنن بەهۆی ئەو کاریگەرییانەوە کە بەسەر باری گوزەرانی ئێرانەوە هەیانەو ئەو کاریگەرییە دەروونییە نێگەتیڤەش کە بەسەر خەڵکەوە بەجێی دەهێڵن. وێڕای ئەوەش کە بەشی زۆری ئەو سزایانە کەرتی سەربازی دەکەنە ئامانج، بەڵام دواجار سزاکان کە بەشێکیان کەرتەکانی بانکو دامەزراوە داراییەکان هەتا دەگاتە ئامرازەکانی گواستنەوەی دەریاییو ئاسمانیو زەمینی، کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆ بەسەر کایەی ئابوورییەوە بەجێدەهێڵن، چونکە دەرفەتەکانی هاوکاریی بازرگانیی دەرەکی بەرتەسک دەکەنەوە.

بەگوێرەی پسپۆرانی ئابووریش، بڕگەو ماددەکانی بڕیارەکە کاریگەرییان بەسەر پیشەسازیی نەوتو وزەوە دەبێتو ئەو کاریگەرییە دەگاتە گێچە ئابوورییەکانی وەک گێچی هەڵاوسانو گێچی متبوون، هەروەک دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووریدا. بۆ نموونە، سزاکانی پێشوو ڕۆڵی خۆیان هەبوو لەبەرزبوونەوەی ئاستی تێچوونی بازرگانی دەرەکی، هەروەک پرۆسەی کردنەوەی دەفتەری متمانەییان لەبەردەم ئێرانییەکاندا ئاڵۆزکرد، مەترسیی زۆریشیان بۆ سەر سەرمایەگوزارییە دەرەکییەکان دروستکرد. لەبوارەکانی دابینکردنی شمەکو کەرەستەی هاوردەکراوو هەناردەکراویشدا کۆمەڵێک گرفتیان خوڵقاند، دواجاریش ئەم متبوونە ئابووریو ئەو هەڵاوسانەی کە هاوکات بوون لەگەڵ هاتنەخوارەوەی نرخی ساغکردنەوەی دراوی ئەوروپایی، یۆرۆ، هێندەی دیکە قووڵبوونەوە.

لێرەوە دەردەکەوێت، گرتنەبەری چەند سیاسەتێکی وەها کە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەو سزایانە سووکبکات، کارێکی تا چەندە پێویستە، هەروەها چەندیش پێویستە شێوازێکی دیپلۆماتیکو ڕێبازێکی دایەلۆگ بگیرێتەبەر کە لەئاستی ئەو کۆدەنگییەی وڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیو ئەندامانی یەکێتیی ئەوروپادا بێت، هەڵبەتە کۆدەنگیی هەموو ئەوانە لەمەڕ سەپاندنی سزای زیاترو ڕێگریش بێت لەبەردەم ئەوەدا کە وڵاتگەلێکی ڕۆژاوایی دوارۆژ سزای یەکلایەنانە بەسەر ئێراندا بسەپێنن.